**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بەپێی ئەو دەسەلاتەی برگەی(١)ی ماددەی(١٠)ی( یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عیراق)ی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە، بە پاڵپشتی ئەو بریارەی پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق داویەتی لە دانیشتنی ژمارە(٢٥) لە رۆژی( ٣/ ٢٠١٢/١٢) برپارماندا بە دەرکردنی:

**برِیاری ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠١٢**

**ناونانی شاری سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا**

پشت بە حوکمەکانی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٢٥)ی رۆژی ٢٠١٢/١٢/٤ ی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق برِیارماندا بە:ـ

یەکەم: ناونانی شاری سلێمانی بە پایتەختی رۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان ـ عێراقدا.

دووەم: پێویستە لە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە کاتی دانانی بودجەی ساڵانەی وەزارەتی رۆشنبیری و لاواندا، ئەو ژێرخانە بنەڕەتیە رۆشنبیریەی کە ئەم برِیارە بۆ شاری سلێمانی پێویستی دەکات، لە بەرچاو بگرێت.

سێیەم: پێویستە لە سەر ئەنجومەنی وەزیران پێرِەوو رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم برِیارە دەربکات.

چوارەم: کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان برِیارێکی ناکۆک لەگەڵ حوکمەکانی ئەم برِیارەدا ناکرێت.

پێنجـــەم: پێویـــستە لـــە ســـەر ئەنجومـــەنی وەزیـــران و لایەنـــە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

شەشەم: ئەم بڕیـارە لـە ڕێکـەوتی بڵاوکردنـەوەی لـە ڕۆژنامـەی فـەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

هەولێر

١٦/کانوونی یەکەم/٢٠١٢ی زایینی

٢٥/سەرماوەز/٢٧١٢ی کوردی

٢/ صفر/ ١٤٣٤ی کۆچی

## هۆیە پێویستکارەکان

بۆ بڵاوکردنەوە و پەرەپێدانی ڕۆشـنبیری کـە ڕەسـەنایەتی بچەسپێنی و کەلەپووری کوردستانی بپـارێزێ، بـۆ پتـەوکردنی بنـەما مەدەنییـەکان لـە ڕێگەی چالاکییە کولتوری و هونەری و هزرییەکانەوە، بـۆ بەشـداریکردنی کارا لە بنیادنان و پەرەپێـدانی ژێرخـانی پەرەپێـدانی بـوارە جیاجیاکـانی ڕۆشـنبیری وەکـو تـەوەرێك لـە تـەوەرەکانی پەرەپێـدانی هەمەلایەنـە، بـۆ خستنە بەرچاوی بەهای شارستانیی شاری سلێمانی کە دەبێتـە پایتـەختی ڕۆشنبیری لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.